# فیلمی هەوابار/کلایمەت > هەنگاوە کاریگەرەکان

ئەوەی کە گۆڕانەکانی هەوابار چەندە لەسەر ئێمە کاریگەر دەبن تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە ئەوەی کە ئێمە چەندە دەتوانین لە بڵاوکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان کەم بکەینەوە. یەکەمین و گرینگترین شت ئەوە یە کە، ئێمە وزەی ژینگەدۆستتر بەرهەم بهێنین و بە شێوەیەکی کاریگەرتر وزە بە کار بهێنین. ئێمە دەبێت لە تەکنەلۆژیای تاقیکراو کەڵک وەربگرین، تەکنەلۆژیای نوێ دروست بکەین، بزانین کام شێواز باشترین کاریگەریی هەیە، و تەکنەلۆژیای نوێ لە سەرانسەری وڵات بڵاو بکەینەوە. هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی هەوابار تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە بڕیارە سیاسیەکان. هاوکات، زۆربەی کات ئاسانە کە خۆمان لە بەرپرسیارەتی بدزینەوە و بیخەینە ئەستۆی «سیستەمەکە». پاشان پاساوی ئەوەمان هەیە کە بە هەمان شێوەی پێشوو درێژە بدەین بە مەسرەفکردن؛ جیا لەمە، ڕۆڵی ئێمە لەم کارە دا وەکوو دڵۆپێکە لە ئۆقیانووسێک دا. بەڵام، مەسرەفکردنی بەرهەمەکان، گەرمکردنی خانووەکان، سیستەمی هاتووچوو بۆ خوێندنگە و شوێنی کار، گەشتەکانی پشوودان، و لەناوبردنی پاشەڕۆیش بەشێکن لە وێنەکە. تۆ دەتوانیت چی بکەیت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ژینگەدۆستتر بژیت؟

### ئەو ئەرکانەی کە دەبێ بەرلە سەیرکردنی فیلمەکە ئێوە تەماشای بکەن

1. نموونەیەک ناو ببە لە ئەو دەستپێشخەریانە کە دەتوانن بڵاوکردنەوەی $CO_2$ کەم بکەنەوە.
2. تۆ خۆت دەتوانیت چی بکەیت بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی $CO^2$؟

### ئەرکەکانی پەیوەست بە فیلمەکە

1. دوو وڵات ناو ببە کە سەرانەی بەکارهێنانی وزەیان فرە زۆرە، هەروەها دوو وڵات ناو ببە کە سەرانەی بەکارهێنانی وزەیان فرە کەمە. بە ڕای تۆ بۆچی ئاستی بەکارهێنانی وزە لەم وڵاتانە دا جیاوازە؟
2. نەرویژ هەر ساڵ سەرانەی 8.5 تۆنی مەتریک $CO_2$ بەرهەم دەهێنێت، لەکاتێکدا ئەم سەرانە لە سوید 5 تۆنی مەتریکە. بۆچی بڵاوکردنەوەی $CO_2$ لە نەرویژ زیاتر لە ئەوەی سویدە؟
3. ئێمە چۆن دەتوانین شێوازی وزە بەکارهێنانی خۆمان بگۆڕین بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەی $CO_2$ کەم بکەینەوە؟
4. ڕوونی بکەوە کە بنەمای کارکردنی پانێلە هەتاویە مۆدێرنەکان بە چ شێوەیەکە.
5. بۆچی لێکۆڵینەوە لەبارەی پانێلە هەتاوەیەکان دەتوانێت یارمەتیدەرێک گرنگ بێت بۆ کەمکردنەوەی $CO_2$؟
6. لە Mongstad زانایانی لێکۆڵینەوە لەسەر گرتن و کۆکردنەوەی کەربۆن (CCS) کار دەکەن. بەرلەوەی بتوانین ئەم تەکنەلۆژیانە بە کار بهێنین پێویستە چ کێشەگەلێک چارەسەر بکەین؟
7. لە ماوەی ڕۆژێکی ئاسایی دا تۆ وەکوو کەسێکی مامناوەند دەتوانیت چ کارگەلێک بکەیت؟
8. تۆ چۆن دەتوانیت کاریگەری دابنێیت لەسەر ئەو بڕیارە سیاسیانە کە پەرە دەدەن بە دەستپێشخەریەکان بۆ کەمکردنەوەی بڵاوکردنەوەی $CO_2$؟

**ئەرکە دژوارەکان**

1. ڕوونی بکەوە کە چۆن لەم ڕۆژ و چاخە دا فڕێدانی زبڵ و خاشاک و قەبارەی زبڵ و خاشاک دەبێتە هۆی زیاتربوونی بڵاوکردنەوەی $CO_2$.
2. چ هەنگاوکەلێک لە بواری لەناوبردنی زبڵ و کەمکردنەوەی قەباری زبڵ دا دەتوانێت کۆمەک بکات بە کەمکردنەوەی $CO_2$؟
3. وای دابنە کە هەموو خانەوادەکان لە نەرویژ دەبێت هاتووچووی خۆیان بە ئۆتۆمبیلی شەخسی تا 50% کەم بکەنەوە. ئەمە چ کاریگەری و پاشهاتێکی بۆ تۆ دەبێت؟